# ژێردەستی فەرهەنگ و بەنەریتکردنەوە

**محەمەد حەقمورادی**
**haghmoradi2020@gmail.com**
**دوکتۆرای کۆمەڵناسی، نووسەر و ڕۆژنامەوان**
**ڕۆژهەڵات – سنە**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠**

**پوختە**

فەرهەنگ بە واتایەک ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن سەبارەت بە خۆمان بیر دەکەینەوە و چۆن کێشە و پرسەکانی خۆمان روخساربەندی دەکەین. لە خوێنەوەیەکی رەخنەییدا،روانگەی فەرهەنگی کۆمەڵگایەک، دەتوانێت وەکو ئایدۆلۆژیایەکی ناوخۆیی یان خۆسازێندراو، دونیایەکی درۆیین و چەواشەکراو لە خۆت و دۆخی مێژوویی وێنا بکات و وێنایەکی خەیاڵین لە خۆت و دونیا بخاتە بەردەست. ئەم وێژمان یان روانینە فەرهەنگییە، زۆربەی خەڵک لە بەرهەمهاتن و بەرهەمهێنانەوەیدا بەشدارن. وێژمانی "کوردایەتی" لە هەندێک ڕەهەندا، نە لە بەرەوڕووبوونە لەگەڵ نەزمی مەعریفی خۆرهەڵاتناسانە و ناوەندگەرایانە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر ئەو وێژمانانەی دەروونی کردوەتەوە. ئەم وێژمانە فەرهەنگییە، لەجیاتی بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕەخنەیی، بە شێوەی ئاوەژوو، خۆی ئەو ستراتیژیانە سەبارەت بە خۆی بەکاردەبات و لەقاویان نادات.ئامانجی ئەم توێژینەوە هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوە و شڵەژاندنی وێژمانی فکری و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستانە. هەروەها تێڕامانێکی مێژوویی و ڕەخنەگرانە سەبارەت بە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردستان دێنێتە ئاراوە و پێوەندی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و دەرئەنجامەکانی وێژمانی فەرهەنگی کورد، دەکاتە ئامانجی لێکۆڵینەوە. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم پرسیارە دەورووژێنێت کە کورد لە دەرکەوتە فەرهەنگیەکاندا خۆی چۆن وێنا دەکات؟. بەم شێوەیە توێژەر دەیەوێت لە ڕێگای پرساژۆکردنی روانینی فەرهەنگی زاڵ بە سەر کورددا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پرساژۆ بکات. هەروەها دەرئەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕەوتە وەکو بەنەریتکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان شرۆڤە بکات.

**وشە سەرەکییەکان**: فەرهەنگ، بەنەریتیکردنەوە، پرساژۆکردن، جوانیناسەکردن، مرۆڤناسانە. مەڵبەند

**دەستپێک**

هێزی ناولێنان، وێناکردن، شرۆڤە و ڕاڤە کردن. کاریگەرییەکی گرنگ و قووڵی لەسەر جێگیرکردن و داسەپاندنی زاڵێتی(domination)دا هەیە. ئەم رەوتە، لە ڕێگای زمان و ئامرازە فەرهەنگییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. هێزە باڵادەستەکان بۆ گوێرایەڵکردنی(subjection) ژێردەستەکان لە ستراتیژییە ڕێتۆریکیەکان بە شێوەگەل جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن، مسۆگەربوون و سەرکەوتووبوونی پێوەندی باڵادەستی- ژێردەستی، پێویستی بە هاوکاری و هاوڕایی ژێردەستەکانە. خاڵی جێی تێڕامان ئەوەیە کە زۆرجار، گرووپە ژێردەستەکان ئەم وێژمانە دەروونی دەکەنەوە و خۆیان لە ئافراندنیدا و، بە واتایەکی تر، لە 'خۆژێردەستکردن"دا چالاکی دەکەن. هاوتەریب لەتەک ستراتیژییە کولونیالیستییەکاندا،

کورد نیزامی مەعریفی و وێژمانی(discursive)زاڵی دەرونی کردوەتەوە و خۆی هاوبەشی داگیرکردنی زەینی و عەینی خۆی بووە.

**کرانەوەی پرس**

ڕاڤەکردنی جیهان، هاوکات بە شێوەی دەروونی لەتەک گۆڕینی جیهاندا پێوەندی هەیە. ئەگەر فەرهەنگ بە هزرین و بیرکردنەوە پێناسە بکەین، ڕاڤەی جیهان لە هەناوی فەرهەنگدا دێتە ئافراندن. دیارە فەرهەنگ خۆی دەرئەنجامی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و لە پێواژۆیێکی مێژوویدا و لە پێوەندی لەتەک "شتەکان"دا بیچم دەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە کاتێک باس لە فەرهەنگ دەکەین، لە ڕاستیدا باس لە دۆخی مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین و لە ڕێگای پرساژۆکردنی فەرهەنگەوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پرساژۆ دەکەین. واتا ئەو کومەڵگایە لە چ بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەڵکەوتووە کە لە فەرهەنگدا خۆی بە شێوەیەکی تایبەت وێنا دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئیدعا بکەین کە تا ڕادەیەک ڕوانگەیەکی فەرهەنگی کە بە سەر فەزای فکریی کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵە، وەک ئایدۆلۆژیایەکی ناوخۆیی و خۆکرد دەور دەگێڕێت. ئەم تێڕوانینە ڕوخساربەندییەکی فەرهەنگی لە زۆربەی کێشەکان دەنوێنێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە فەرهەنگ بە تایبەتمەندیگەلێکی مرۆڤناسانە(anthropological) و نەریتی پێناسە دەکات. هەر بۆیە فەرهەنگ دادەبەزێنێت بە جلوبەرگ و هەڵپەڕکی و ئاگری نەورۆز و مۆسیقا و فۆلکلۆر و زۆر شتی هاوشێوەی تر و لە بانترین ئاستدا پرسی زمان، دەکاتە پرسی سەرەکی کورد/کوردستان.

پرساژۆکردنی(problematization) فەرهەنگ، تێرامان لە دۆخێکی مێژوویی تایبەتە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین ئەم پرسیارە بورووژێنین کە لە فەزای فکریی کوردستاندا، فەرهەنگ چۆن مانا دەکرێت و ئەم واتابەخشینە دەرهاویشتەی چ هەلومەرجێکی مێژوویییە و لە هەمان کاتدا چ دەرئەنجامێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین پرسیار بکەین چۆن لە ڕێگای وێناکردنەوەی فەرهەنگییەوە، دەرفەت بۆ ئیماژکردنی کۆمەڵگایەکی نەریتی دەڕەخسێت؟.

**تێروانینی تیۆریک**

بیرۆکەکانی ئیدوارد سەعید(1992)، مێری پرات(1992)دەیڤید سپر(1993) و ستیوارت هاڵ(2007)دەتوانێت بنەمای تیۆریک و چەمکیانە بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی مژاری ئەم وتارە پێک بێنێت. بیرۆکەی سەرەکی و هاوبەشی ئەم بیرمەندانە لە پێوەندی لەتەک ئەم توێژینەوەدا، تێرامان لەسەر شێوەی نواندنەوە و ئافراندنی 'ئەویدی' لە دەقە خۆرئاواییەکاندایە و بە نێونجی شیکاری وێژمانی(Discourse analysis) هەوڵدەدەن ئەم ڕوانگەیە کە شێوەیەک لەژێردەستکردنی لێدەکەوێتەوە دەربخەن و هەڵبیوەشێننەوە.

لە ڕوانگەی سەعیددا(1992)،"خۆرهەڵات" داهێنراوی خۆرئاواییەکانە،کە لە ڕێگەی خۆرهەڵاتناسییەوە بەرهەمیان هێناوە و وەکو وڵاتێکی خەیاڵاوی، سەیروسەمەرە و ئەفسووناوی نواندوویانە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەمە تەنیا نواندنەوە نییە بەڵکو دەبێتە هۆی خولقاندن و داهێنانی خۆرهەڵات. ئەم نواندنە یان بە واتایەکی دورستتر، ئەم خولقاندنە، بە نێونجی زمان و فەرهەنگ بەرهەمدێت. بە بۆچوونی میلز(1997)، بیرمەندگەلێ وەک پیتر هۆلم، سپیڤاک و بابا لە درێژەی

بیرۆکەی سەعید و هاوکات بە پێداچوونەوە و ڕەخنە لە بیرۆکەکانی سەعید، زیاتر دەپەرژێنە سەر کارتێکردنی دۆخی کولونیالیزم لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و روخساربەندی وێژمانی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان.

ستیوارت هاڵ(2007)لە کتێبی "ڕۆژئاوا و ئەوانیتردا'(West and Rest)، ئەم پرسیارە دەوروژێنێت کە بیرۆکەی"ڕۆژئاوا و ئەوانیتر" چۆن پێکهاتوە و پێوەندی نێوان ئەم دوو جیهانە چۆن وێناکراوە. بە باوەڕی هاڵ، ئەم وێژمانە کولونیالیستییە، جۆرێک "نیزامی نواندنەوە(System of Representation) یان "ڕژیمی حەقیقەت" بنیاتدەنێت و لەسەر بنەمای "بەرنگاری دووانەیی" مسۆگەر دەبێت. هاڵ ڕەسەن و نارەسەن کردن بە ستراتیژی کۆلۆنیالیستی خورهەڵات دەناسێت. هەروەها هاڵ بە ستراتیژی ئایدیالیزەکردن و "بەشکۆکردن"ی(glorify)سروشت و کۆمەڵگا غەیری ڕۆژئاواییەکان ئاماژە دەکات.

یەکێک لەو دەقانەی کە لە بواری ڕەخنەی وێژمانی کولونیالیزمدا نووسراوە، کتێبەکەی دەیڤید سپێر-ە لەژێر ناوی" ڕێتوریکی ئیمپراتووری"(1993)، کە باس لەوە دەکات کە چۆن نووسەرە خۆرئاواییەکان، لە دەقەکانیاندا، لەژێر ڕکێفی بۆچوونە فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیکییەکانیاندا، جیهانی غەیری خۆرئاوایی بەرهەمدەهێنن. بە باوەڕی سپێر، ئەم دەق و بەرهەمانە، کە خۆی بە ڕێتۆریکی ئیمپراتووری ناویان لێدەبات، زمان یان شێوەیەک لە ئاخافتننە کە زاڵێتی خۆیان و ژێردەستبوونی ئەویدی بەرهەمدێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە سێ ستراتیژی کەڵک وەردەگرێت کە سەرەکیترینیان، جوانیناسانەکردنی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەیە.

دەیڤید سپێر روخساربەندییەکی تایبەت لە وێژمانی کولۆنیالیستی دەخاتە بەردەست. لە بیرۆکەی ئەودا، ڕێتوریکی ئیمپراتووری، ڕێزمان و شێوەیەک ئاخاوتنە کە جیهانی غەیری خۆرهەڵاتی وەکو" ئەویدی" دەخولقێنێت. هەروەها وەکو زمانێک کاردەکات و ڕێزمانی خۆی بە سەر نووسین و ئاخافتن لەسەر جیهانی غەیری خۆرئاواییدا دەسەپێنێت و لەم ڕێگەیەوە بە ڕۆژئاواییەکان یارمەتی ئەدەدات بتوانن هەم خۆرهەڵات بە شێوەی دڵخوازی خۆیان بخۆلقێنن و هەم بتوانن پێوەندی ژێردەستی- باڵادەستی و زاڵێتی خۆیان بەرهەم بهێنێتەوە(Spurr,1993، 11).

لە ڕوانگەیەکی نزیک لە چەمکی "چاوتێبڕینی ئیمپراتووری"(Imperial Gaze )دەیڤد سپێر، مێری پرات(992) لە کتێبی "چاوەکانی ئیمپراتووری(Imperial Eyes) دەپەرژێتە سەر ئەوەی کە گەشتیارە خۆرئاواییەکان، چۆن لە دەقەکانیاندا، خۆرهەڵات بەرهەمدێنن و هەوڵدەدات، وێژمانی ئیمپراتووری هەڵبوەشێنێتەوە. لە ڕوانگەی پرات و سپێردا، بەجوانیناسانەکردنی وڵاتی "ئەویدی"، ئەو سەرزەمینە دەکاتە ئامانجی چاوتێبڕین و بینراوکردن و بەم هۆیەوە دەبێتە مژارێک بۆ ئەوەی بخرێتە ژێر ڕکێفەوە.

ستراتیژیی جوانیناسانەکردن بە سێ شێوە بەڕێوە دەچێت: 1- جوانیناسانەکردنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە(Aestheticization of Everyday life)، جوانیناسانەکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی(Social Aestheticization of Reality)و جوانیناسانەکردنی دیمەن و مەڵبەند(Aestheticization of Landscape) کە ئەم سێ شێوەیە سەرەڕای جیاوازییان، پێکەوە پێوەندییان هەیە(کەوسەری و ئەحمەدزادە،2014). جوانیناسانەکردن بە شێوەیەک لە ویناکردن و نواندنەوەی فەرهەنگ و کۆمەڵگایەک ئاماژەدەکات کە لەو ڕێگەیەوە خەڵکێک دەکرێنە ئاماجی ڕوانینێکی جوانیناسانەوە و وەکو مرۆڤگەلێک سەیروسەمەر، قەشمەری(Grotesque) و جێگای سەیرکردن، وێنا دەکرێن. بەگشتی بە نێونجی ئەم ستراتیژیانە، پێوەندییەکی ژێردەستی- باندەستی بەرهەمدێت.

لە ستراتیژی جوانیناسانەکردنی دۆخی کۆمەڵایەتیدا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی کە بە هەموو شێوەیەک بە نابەرابەری و پێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە تەنراوە، نەبینراودەکرێت و ئەم دۆخە گشتییە بە گێڕانەوەیەکی جوانیناسانە ئاوەژوودەکرێت. بە واتەیەکی تر، شەڕ، وێرانی، برسیەتی،هەژاری و چەوساندنەوە لە ڕێگەی زمانەوە، بە شێوەیەکی جوانیناسانە هەڵدەگێردرێتەوە. دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە ئایدۆلۆژیکە ئەوەیە کە واقیعی تاڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیانی خەڵکێک نادیاردەکرێت و بۆ وێنایەکی جوان دەگۆڕدرێت((دەبلیۆ ئار. های ،2016؛ هووبارت 1916؛ سیسیل ئێدمۆندز،2004).

دەتوانین "ژنانەکردن"(Feminization) یەکێک لەو ستراتیژیانە ناودێربکەین کە لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگای خۆرهەڵات وەک بوونەوەرێکی ژنانە یان مێینە شرۆڤە دەکرێت و ئەو تایبەتمەندییانە کە بۆ ژن پێناسەکراون، وەکو هەستەکیبوون، ناعەقڵانیبوون، پاشکۆبوون و نەبوونی توانای بڕیاڕدان، بۆ پێناسەی خەڵک و کۆمەڵگای خۆرهەڵاتیش بەکاردەهێنن. لە بەرانبەردا، ڕۆژئاوا دەکرێتە هێمای پیاوانە بوون و وەکو بوونەوەرێکی عەقڵانی، خاوەن بڕیار، بەهێز و خولیای پێشکەوتن دەناسرێت.

بیرمەندەکانی سەر بە ڕێبازی پۆستکولۆنیالیسم، هەروەها ئاماژە بە ستراتیژیگەلێکیتر وەک بەئەهریمەنکردن(Demonization)،بەقوربانیکردن(Victimize)،بەشتکردن(Objectify)،سەیرونائاساییکردن( xoticism) و گەوهەرینکردن(Essentialize) دەکەن. بە گشتی ئاکامی ستراتیژیە وێژمانییەکان، "ئەویدی کردن"، ڕاگرتنی باڵادەستی و هێنانەژێر ڕکێفی کۆمەڵگا و فەرهەنگەکانی ترە.

بە شێوەیەکی هاوشێوە، واڵتێر بی هەریس(1896)،فرێدریک میلینگن(1870) و فاولێر(1841) لە کتێبەکانیاندا لە ڕوانگەیەکی جوانیناسانەوە، سروشت و لادێیەکانی کوردستانیان وێناکردوە. هەروەها شێری لیزێر (2003) سروشت، ژیانی ئاسایی و جل وبەرگ و شێوەی ژیانی خەڵکیان نواندوەتەوە(کەوسەری و ئەحمەدزادە، 2014). هەر لەم ئاراستەیەدا شێری لیزێر(2003،لە هەریس، 1986)، پرسی کورد وەک سیندرلای بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی جیهانی سێهەم ناودەبات.

**شرۆڤە و لێکدانەوە**

1- وێنای خۆرهەڵاتناسانە و ناوەندگەرایانە لە کورد

خۆرهەڵاتناسان و گەشتیارگەلێک وەک(ڤان بروینسێن(2005؛ ئێوبن، 1983؛ مینۆرسکی، 2000؛ نیکیتین، 1987؛ فیفر، 2019؛ بایندر،1991؛ ئۆسکارمان، 2011؛ درێک کینان، ١٣٧٦؛ ئار.هێی، ٢٠١٦؛ ریچ، 2002؛ چریکۆف، 2013؛ نیبور2013؛ چەلەبی 1979)کە هاتوونەتە کوردستان لە گێڕانەوەی خۆیاندا، زیاتر ڕەهەندی مرۆڤناسانە و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای کوردستانیان شرۆڤە کردوە و ئاماژەیان بە بابەتگەلێک وەک سروشتی کوردستان، هەڵسوکەوتی ژنی کورد، جلوبەرگی کوردی و هەڵپەڕکێی کوردی کردوە. هەروەها بڕێک لە نووسەرانی فارس و کوردیش کە سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان باسیانکردوە بە هەمان شێوە، ڕواڵەتە فەرهەنگییەکانیان زەق کردوەتەوە(سندی، 2008؛ خەلیقی، ١٩٩٢؛ مستەفا سۆزان کەریم، ٢٠١٩؛ غەفوری، ٢٠١٤؛ئەفخەمی،1984 فەتاح: ٢٠١٩؛ زارعی مێهرەوەرزو 2000؛ بەسری، ٢٠٠٢، ئار.هێی، ٢٠١٦ ؛ تەهازادە،2013؛ حوزنی، 1938).

لە نەزمی مەعریفی خۆرهەڵاتناسانەدا، هەڵپەڕکێ، وەکو تایبەتمەندییەکی بەرچاو و ناوازەی فەرهەنگی کوردی دێتە ئەژمار و هەروەها وەکو پێکهاتەی فەرهەنگیکی ژنانە دەخەملێنرێت. بەشێکی زۆر لە ناوەڕۆکی ئەو دەقانەی کە لە لایەن خۆرهەڵاتناساکانەوە بەرهەمهاتوون، زەقکردنەوەی شێوەی پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بەکارنەهێنانی ڕووبەند و حیجاب دەبینرێت و ئەم ڕواڵەتەیان بینراوکردوە. کتێبی"کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە"، یەکێک لە گرنگترین توێژینەوەکانە کە نووسەرەکەی، لە ڕوانگەی گەشتیارانی بیانی و ڕۆژاواییەوە زانیارییەکی زۆر لەسەر کار و جوانی و ئاکار و هەڵسوکەوت و پێگەی کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا باسکردوە(سندی، ٢٠٠٨: ١٤٠-٢٥٢).

بارینگ، پێکهاتەی فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان، ژنانە دەخەملێنێت و لەسەر ئەم بنەمایە، پێیوایە، ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا، پێگەیەکی مەزنی هەیە.بارینگ بۆ بەڵگاندنی بیرۆکەی خۆی، ئیدعادەکات کورد لەو دەگمەن نەتەوانەن کە چەن سەد جۆر سەما(هەڵپەڕکێ) لەنێویاندا هەیە کە ئەمە خۆی لە فەرهەنگە کەوناراکاندا، شێوەیەک لەپێوەندی-گرتنە لەتەک خودا-دایکدا(Baring،14:1991)هەروەها ئاساتریان پێیوایە، لە ئاینی ئێزەدیدا، کلێلی دەرگاکانی بەهەشت لە دەستی ژنێکدایە و ئەو داوای لێبوردن بۆ مرۆڤەکان لە بارەگای خودا دەکات(Asatrian:89،2002). ئەم شێوە تێڕوانین و وێناکردنەوانە جیا لە بەجوانیناسانەکردن و بەژنانەکردنی فەرهەنگی کورد و دێرین و کۆن ناساندنی کۆمەڵگای کوردستان، ئەم تایبەتمەندییانە وەک ناسنامەی کۆمەڵگایەکی نەریتی و پێشامۆدێرن دەخەملێنن.

بارینگ(1991) پێیوایە  پێکهاتەی فەرهەنگی کورد. ژنانەیە و ئەم ژنانە بوونە لە تەواو پانتایی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کورددا رەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە ئاماژە بە ژمارەی زۆری هەڵپەرکێ لەنێو کورددا دەکات کە تێیدا ژنان زۆر دەردەکەون و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. بە واتەیەکیتر ژمارە و جۆراوجۆری هەڵپەرکێ لەنێو کورددا، نە تەنیا ئاماژەیە بە پێگەی ژن لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا، بەڵکو بەڵگەیەکە بۆ ژنانە بوونی ئەو کۆمەڵگایە.

مینۆرسکی لە کتێبی "کورد"دا ڕۆڵ و پێگەی ژن لەنێو کوردستان لە بەراورد لەگەڵ نەتەوە موسڵمانەکانی دیکەدا بەرز دەنرخێنێت (مینورسکی، 2000: 75). جەیمز ریچ(2003)، دەبێژێت ژنانی کورد لە سلێمانی، بەبێ ڕوبەند، هەڵدەپەڕین و خۆیان بە خشڵی ژنانە دەڕازاندنەوە. ڤاسیلی نیکیتین (1987) ئاماژە بەوە دەکات کە حیجاب لەنێو ژنانی کورددا باو نەبوە و وەکو ژنانی نەتەوە موسڵمانەکانی تر زۆر پابەند بە "حیجاب" نەبوون. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ژنان ڕوومەتی خۆیان نەدەپۆشاند و لە گەڵ پیاواندا بە تێکڕا هەڵدەپەڕین.

هەروەها بەشێوەیەکی لێکچوو کەسانێک وەک بایندر(1991)، ئایدیافیفێر(2019)، ئۆین(1983)، نیکیتین(1366)،سندی(2008)،مۆرگان(1339)،کینان(2019)، سەبارەت بە ژنانی کورد ئاماژە بە تایبەتمەندیگەلێک وەک جوان و ڕازاوە بوون، دانەپۆشینی ڕوومەت، پابەندنەبوون بە "حیجاب" و لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگامە و بەکارهێنانی خشل وزێڕوزیوکە دەکەن. ئەم شێوە وێناکردنە وێڕای دابەزاندنی دنیای زەینی و عەینی ژنی کورد و هەروەتر کۆمەڵگای کوردستان لە گێرانەوە و شرۆڤەیەکی مرۆڤناسانەدا بۆ بابەتە ڕواڵەتییەکان، و بەم شێوە بەرهەمهێنانی سوبژکتێکی کارناڤاڵی، مومکین دەکەن  کە لە دەرئەنجامدا ڕەنج و نابەرابەری ژیانی ژنان و لایەنە مێژوویی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستان نەبینراو دەکەن. هەر لەم ئاراستەیەدا نیپور بە بێ ڕوبەندبوونی ژنانی کورد ئاماژە دەکات(2013: 136).چریکوف، لە کتێبەکەی‌دا ئاماژە بە هەڵپەڕکێی ژنان و جلوبەرگی جوانی ژنان دەکات و هەڵپەڕکێی کوردی بە جوانترین سەما لە دونیادا

دەزانێت(2013:172). هەروەها ئوسکارمان(2011)، نیکیتین(1987) لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن لە ناوەندی ئەدەبیات و فۆلکلۆر و ئاوازی کوردیدایە.

مارتین وان برۆنسێن لە کتێبێکی خۆی بەناوی 'ژنانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت"دا( Women of a non-state nation)، دەور و پێگەی ژنانی کورد لە کۆمەڵگای کوردستان دا بەرز دەنرخێنێت(2005: 256-273).سەرای ئەم ڕوانگەیە، برۆنسێن، بە شێوەیەکی مرۆڤناسانە، لایەنە جوانیناسانەکانی ژنی کورد دەخەملێنێت. هەروەها، وێنەهەڵگرگەلێک وەک ئانتوان سوریوگین(Antoin Sevruguin) لەسەردەمی ناسرەدین شای قاجاردا و عەلیخانی والی، فەرمانڕەوای کوردستانی موکریانی سەردەمی قاجارییەکان، وێنە و ڕەسم گەلێکی زۆریان لەسەر ژیانی ئاسایی خەڵک، خشڵ و جلوبەرگ و زێڕ و زێویکەی ژنان هەڵگرتوە(حسەینی داوەرانی،2014).

خۆرهەڵاتناس و گەشتیارگەلێک وەک (نیکیتین(1987، مینۆرسکی،2000، ئایدیا فیفێر (1398، بایندر،1370 :193و ئوژن ئوین،1983 :116 بە تێروتەسەلی جلوبەرگ و خشڵی ژنانەیەن بە شێوەیەکی مرۆڤناسانە، وێنایەکی جوانیناسانەیان لێکردوە. شرۆڤەی مۆرگان سەبارەت بە ژنانی ناوچەی سنە، جەستە و جوانی ژن و جلو بەرگی ژنان دەکاتە ئامانجی چاوتێبڕینێکی جوانیناسانە و جەستەمەندی دەکاتەوە. لە گێڕانەوەی مۆرگان دا(1960) ئەم ڕوانگەیە دیارە. "ژنانی دەڤەری سنە، بەڕاستی جوانن و حیجابیان نییە و لە هاوین و زستاندا، جلی کەم لەبەر دەکەن و پۆشاکەکانیان دڕاو و پیسن. لە شوێنی دڕاوی جلەکانیاندا پێستی زۆر سپی و خاڵەکانیان کە بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان نەخشێندراوبوون، دیاربوون(مۆرگان، 1960: 22).

بەگشتی دەتوانین بڵێین لە دەرئەنجامی ئەم نەزمە مەعریفیە،خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو دەسەڵات و سەروەری بەسەر خۆیدا کە لەم ڕێگایەدا، تووشی کۆمەڵکوژی و کارەساتگەل جۆراوجۆر هاتوون، نەبینراو دەکرێت و نابێتە هەوێنی هەڵوێستێکی ئەخلاقی و سیاسی و، وەکو چیرۆکێکی سەرنجراکێش دەگێردرێتەوە.

لەم توێژینەدا من لەژێر چەمکی"جەستەمەندکردن"دا، ستراتیژییەک بۆ توێژینەوە لەسەر ژێردەستکردن پێناسە دەکەم. لە ستراتیژی بەجەستەییکردندا،فیگوورێکی جەستەمەند لە ژن و پیاوی کورد بە دوو شێوە و ئاراستەی جیاواز، بەڵام بۆ یەک ئاکام دەسازێنرێت. لەم ستراتیژییەدا پیاوی کورد وەکو مرۆڤێکی زوردار و بەهێز وێنادەکرێت و لە هەمان کاتدا و هەر بەو ئاڕاستەیەدا، ژنی کورد وەک فیگوورێکی جوان و هەڵپەرکێکەر دەخەملێنرێت. وێناکردنی کورد وەکو کۆڵبەر و بەخشینی هێمایەکی کوردانە بە جۆرێک لە سووژەی ژێردەست، دەکرێت وەک نموونەیەک لەم ستراتیژییە ئاماژەی پێبکەین. سترتیژییەک کە کورد و ناکورد لە بەرهەمهێنانیدا دەورێکی هاوبەش دەگێرن.

لە بەستێنی ئەم ستراتیژیەدایە کە لە هەڵکشان و داکشانی کۆڵبەران لە چیا بەفرگرتوەکاندا، وێنایەکی سوڕئاڵ دەخوڵقێنێت کە کۆڵبەرێکی بەهێز و شکۆدار لە دڵ سروشتێکی جوان و سامداردا، بارێکی قورسی هەڵگرتوە. ئەم ڕێتۆریکە زمانییە، بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆڵبەران و کۆمەڵگا دەشارێتەوە و بەم شێوە دۆخێکی ناجوانیناسیانە بۆ وێنایەکی جوانیناسیانە هەڵدەگێرێتەوە و ئاوەژوویدەکات. لە بەرهەمهاتنی ئەم ئیماژەدا کورد خۆیشی بەشدارە و لە ڕاستیدا ئەم ستراتیژییە ژێردەستییەی دەروونی کردوەتەوە. بۆ نموونە نەجمەی غوڵامی ئاوازێک بە ناو من 'کۆڵبەرم' دەخوێنێت.

**2- وێژمانی فەرهەنگی کورد**

لەژێر باندۆڕی نەزمی مەعریفی خۆرهەڵاتناسانە و ناوەندگەرایانەدا، کورد دەکرێتە گەلێکی نەریتی و کۆمەڵگایەکی پێشامۆدێرن یان ئیتنیک وکەمینەیەکی فەرهەنگی کە خاوەن فەرهەنگێکی جوان، ڕەنگامە، دێرین و نەریتێکی بەهێزن، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە دۆخی مێژوویی کورد وەک پرسی وڵات و سەروەری ناکەن. بە واتایەک کە ریچارد دایێر(1997) دەڵێت لە پێناو بینراوکردنی(visibility) ئەم بابەتانەدا، لایەنە مێژووییەکی نەبینراو(unvisibility) دەکەن. لە هەمان کاتدا وێژمانی کوردیش، تا ڕادەیەک لە بەرانبەریاندا، دەست بە بەرنگاری ناکات، بەڵکو لە ڕێگای دەرونیکردنەوەی ئەو تایبەتمەنییانەوە، ئەو دوو نەزمە مەعریفییە بەرهەمدێنێتەوە. لەم توێژینەوەدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندی وەک ڕەسەنایەتی، ئاوارتەبوون(exceptionness)، بەنەریتیکردنەوە(retraditionalization)، بەفەرهەنگیکردن(reculturalisation)، جوانیناسانەکردن، مووزەخانەییکردن و کردن بە ئەمرێکی تەماشایی، دەکەین کە دەرئەنجامی ئەو وێژمانەیە. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە دەتوانین لەژێر چەمکی بە بەفەرهەنگیکردندا روخساربەندی بکەین.

بەفەرهەنگیکردنی دۆزی کورد ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک نەتوانیت لە سیاسەتدا جێگای خۆت بکەیتەوە و لە جوگرافیادا سەقامگیر بیت، کۆچ دەکەیت بۆ فەرهەنگ و لە فەرهەنگدا خۆت نیشتەجێدەکەیت. بە واتایەکی تر، بەفەرهەنگیکردنی پرسە سەرەکییەکان و دۆزی کورد، دەرئەنجامی داماڵین لە جوگرافیا و سڕینەوە لە سیاسەتە کە تا ڕادەیەکیش ڕادەستکردنی ئەمری سیاسی لێدەکەوێتەوە.

دەسەڵاتە سەردەست و کۆلۆنیالیستییەکان ئاوا دەبێژین کە "من" بە سەر فەزا-مەڵبەنددا- سەروەری دەکەم و "تۆ" لەم پانتاییەدا دەتوانیت لە هێمنایەتیی دا بژیت و ئەمە بەختەوەری گشتی تێدایە. بە واتایەکی تر هاوکات لەگەڵ داماڵین لە جوگرافیا و سڕینەوە لە سیاسەت، ڕوانگەیەک بە سەرخەڵک و نەتەوە ژێردەستەکاندا دەسەپێنن کە ئێوە دەتوانن بە ڕچاوکردنی هەلومەرجی دیاریکراو، فەرهەنگی خۆتان بپارێزن و چالاکی فەرهەنگی بکەن. ئەم پۆلێنکردنە، جۆرێک لە دابەشکردنی کار یان پانتایی کار و چالاکی لەنێوان فەرهەنگ و مەڵبەند و حکومەتکردندا چێدەکات. ئەم روانگەیە بە واتای پاوانسڕینەوە لە بواری سیاسەت و پاواندانان لە پانتایی فەرهەنگدایە کە ئاماژە بە داخراوەیی دۆخی سیاسییە کە بە وێناکردنی خۆت لە فەرهەنگدا دەتهەوێت قەرەبووی بکەیتەوە.

پێناسەکردنی فەرهەنگ بە گێرانەوەیەکی نەریتی، نەریت دەکاتە قەڵایەک کە وەک داڵدە و پەناگەیەک دەور بگێڕێت کە بتوانیت خۆت لە هێرش و تەوژمی هەڕەشەکانی دنیای دەرەوە بپارێزیت. ئەم ستراتیژییە، دەرفەتی بەرەوڕوبوونەوە لە گەڵ دۆخی هەنووکە و پرسە مۆدێرنەکانی کورد ناڕەخسێنێت.

نەریتخوازی میکانیزمێکی بەرگرییە بو بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران یان دۆخێکی مێژوویی پرساژۆ کە ترسی مان و نەمان بەسەریدا زاڵە. بەڵام توانای بەرەوڕووبوونەوەیەکی عەقڵانی نییە و دۆخی خۆی لە دونیادا لەبەرچاو ناگرێت و ڕێگەچارەیەکی پاشڤەڕۆیانە دەگرێتە بەر و ناتوانێت بۆ دۆخی ئێستا خۆی تەیاربکات. دەکرێت لایەنی ئایدۆلۆژیکی ئەم ڕەوتە، وەکو کشانەوە و لەسەرخۆکردن شرۆڤەبکرێت.

لە ناخی ئەم وێژمان و روانینە فەرهەنگی و مرۆڤناسانەدایە کە گرنگیدان بە کۆکردنەوەی پەند و بەیت و باڵۆرەکان، خواردنی ڕەسەن و "کوردی" و گەڕان بە شوێن ئاسەواری کۆن وکوکردنەوەی مەتەل و بەیت و باوەکان و هەروەها نوسینی فەرهەنگی زارەکی،فەرهەنگی ڕەنگ، فەرهەنگی گیاکان، فەرهەنگی ئامێر و وشە پێوەندیدارەکان بە

شێوەی کشتوکاڵی پێشامۆدێرن و نمونەگەلێکی دیکە لەم چەشنە کە زمانی کوردی و فۆلکلۆری کورد پێکەوەدەبەستن، بەرهەمدێن و بایەخیان پێدەدرێت. لە هەمان کاتدا پاراستنی زمان و ئەم جۆرە بەرهەمانە پێکەوە گرێدەدرێن و ئاوا گریمانەدەکرێت کە پاراستنی زمانی کوردی و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی وەکو نەریتی کوردی پێکەوە بەستراون و بەم شێوەیە بە ئامانج دەگەن. لەسەر ئەم بناغەیە دەکرێت بەرهەمهاتنی ئەم بەرهەمە زمانییانە لەژێر چەمکی بە مووزەخانەییکردندا، بخوێنینەوە. بەپێی ئەم وێژمانە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی لەبەراورد لەگەڵ زمانە دراوسێکاندا زۆر ڕەسەنترە پێداگریدەکرێت.

فۆلکلۆریزەکردنی فەرهەنگ و ناسنامەی کورد، هاوکات کە هۆکاری "بەئەتنیکیکردنەوە"ی(retraditionalization) کوردی لێدەکەوێتەوە و لە پێناسەکردنی کورد لەژێر چەمکی مۆدێرنی نەتەوە ڕێگریدەکات و زاڵیەتیی نەریت قایمتر دەکاتەوە."بە ناوی فۆلکلۆر و پاراستنی کەلتووری کوردەواری هەندێک گۆرانی، شیعر، پەندی پێشینیان، جلوبەرگ، دابونەریت وەک میرات دەمێنێتەوە و ئیستا دیسان بەرهەمدێتەوە کە خۆیان پێکهاتەکانی سوڵتە بەرهەمدەهێننەوە و لەگەڵ بەها مۆدێرنەکانی کوردایەتیدا ناکۆکن"(ئەردەڵان،2721). بەشێک زۆر لە گۆرانی کوردی کە بە بەژن و باڵای کچ و کیژۆڵە و ژن و بێوەژن و ژنی مێرددراردا هەڵگوتراوە تەنیا بۆ بزواندنی چێژی سێکسی پیاوانەیە. بۆیە جیا لەوەی ناتوانین وەکو نەریت بیخوێنینەوە، بەڵکو دەبێ بکرێتە ئامانجی تێڕوانینێکی ڕەخنەگەرانە.

لە دەرئەنجامی دووبارە هێنانە ئارای جلوبەرگی کۆن وەک فەرەنجی و پووزەوانە و خشل و زێروزیوکەی کۆنی ژنانە و زیندووکردنەوەی بۆنە کۆن و لەبیرکراوەکان، جوانیناسانە وێناکردنی خۆت لە ڕێگەی جلوبەرگ و هەڵپەڕکێ و سورشتەوە، سووژەیەکی تەماشایی بەرهەمدێنێت. ئەم نواندنەوانە هاوکات ستراتیژیگەلی بەڕەسەنکردن، جوانیناسانە کردن و مووزەخانەیی کردن لەخۆدەگرن. بۆیە ئوستوورەی شاماران زۆر زەقدەکرێتەوە و دۆزینەوەی ئاسەوارەکانی ئەشکەوتی شانەدەر و فوسیلی بوونەوەری نئاندرتاڵ، نە وەکو بابەتێکی شوێنەوارناسی و زانستی، بەڵکو وەک ئاماژەیەک بە ڕەسەن بوون و دێرین بوونی کورد وەردەگیرێت.

ڕەوتی باوی بەنەریت کردنەوەی فەرهەنگ لە بەشێکی زۆر لە دەرکەوتە فەرهەنگیکاندا خۆی دەردەخات. لەژێر ناوی نەریتدا، ژیانی ئاسایی لادێی و گوندنشینەکان وەک نانکردن و مەڕدۆشین و مەڕ و ماڵات بەخێوکردن و ئاژەڵداری دەکەن بە بابەتێکی جوانیناسانە و لە ڕێگای ئەم نواندن و وێناکردنەوەوە ماک و گەوهەرێک بۆ کورد پێناسەدەکرێت و کۆمەڵگای کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی نەریتی دەئافرێنن.

کاتێک زمان و فەرهەنگێک بە ڕەسەن پێناسە دەکرێت، بەو واتایەیە کە پێویست بە هیچ کارێک نیە تەنیا ئەرکی ئێمە تەنیا پاراستنیەتی هەر بە ئەو شێوەیە کە هەیە و پێویستی بە نۆژەن کردنەوە نییە. هەروا کە فرانتز فانۆن(1963)، ئاماژەدەکات فەرهەنگی نەتەوەیی، فولکلۆر یان پوپولیزمێکی ڕەها نییە کە پێی وایە دەکرێت سروشتی ڕاستەقینەی خەڵک بدۆزرێتەوە. سارۆ ئەردەڵان(2021) پێیوایە بیرۆکەی ڕەسەنایەتی بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ بەها مۆدێرنەکان ناتەبایە و لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردویەکی زێڕین و دێرین، دەیەوێت ناسنامەیەکی نەتەوەیی بنیات بنێت "ناتوانێ لە وشیاریی نەتەوەییەوە بەرەو سازکردنی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنگاوبنێت".

تایبەتمەندییە پێش مۆدێرنەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەژێر چەمکی نەریتی کوردی یان ڕەسانەیەتیدا دەکرێت بە ماک و گەوهەری کوردبوون و کورد بە شێوەیەکی ئاوارتە پێناسەدەکرێت. هەر لەم پێوەندییەدا سارۆ

ئەردەڵان(2021)پێیوایە "سیستەمی کۆلۆنیالیستی هەوڵ دەدات هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەردەوام پرسیارمان لێ بکا کە ئێوە چیتان هەیە؟ هەندێک لە تایبەتمەندییە نامۆدێڕنەکانی ڕابردوومان بکا بە تایبەتمەندیی کوردانە و لەو ڕێگەیانەوە وێنای کوردێکی ئایدیال بە شێوەیەکی نەریتی دووپات بکاتەوە". نەریتخوازی دۆزی کورد دادەبەزێنێتە سەر سیاسەتی شوناس کە دەرنجامی لە بانترین ئاستدا دەبێتە سیاسەتی "بەفەرمیناسین"(recognition) کە ڕێزگرتن لە جیاوازی بەرهەمدێنێت.

لەم بەستێنەدا لە بواری زانستییدا کەسانێک وەک عیرفان مستەفا(2011)کە باوەڕیان بە نەریت یان زەمینێکی کوردی هەیە، فرە ئاینی، فرە کولتووری و فرە زاری دەکەنە ماکی کورد بوون و بە پەرتەوازەیی و بێ ناوەندبوونی کورد شەرعیەتدەدەن و تیۆریزەی دەکەن و سیاسەتێکی نەتەوەیی کە یەکگرتوویی و هێز بەرهەمبهێنێت ناموکین دەکەن. بۆیە سیاسەتی زمانیی کوردیش لە دۆخێکی سروشتی و لەتلەتکراودا دەمێنێتەوە. هەروەها بیرۆکەی کاسانێک وەک حاجیزادە(2019)، هێرش قادری(2022)دەکرێت لەم چوارچێوەدا بخوێنرێتەوە. کێشەی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە دۆخی ئێستەی کورد و ئەزموونی کورد لە مۆدێرنیتە دەکاتە سروشت و دۆخی ئاسایی زەین یان نەریتی کوردی و بەسەر تەواوی مێژووی کورددا بڕەویدەدات. هەڵەیەک کە فۆکۆ(1998)لەژێر چەمکی"هەنووکەگەرایی"دا(presentism)ناوی لێدەبات.

لە ڕابردوودا ڕاگرتن یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی کۆن. دەبێتە هۆی داکوتان و بەستنەوە بە ڕابردووەوە."گەڕانەوە بۆ کولتوورێکی بێخەوش، پارێزراو و ڕەسەن لە کوردستان بەرەوڕووی چەند کێشەی سەرەکی دەبێتەوە. سەرەتا وا گریمانەدەکات کە کولتووری ئێمە لە ڕابردوودا بێ گرێوگۆڵ و یەکدەست، بووە، کەواتە دەتوانین بەدۆزینەوە و پاراستنی، بیکەینە هەوێنێکی هاوبەش بۆ ناسنامەی کوردستانی/کوردی. لە کاتێکدا لە ڕابردوودا ئەم جەوهەرە هارمۆنیکە نەگۆڕە نەیدەتوانی هەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا حکومەت، پەروەردە و سیاسەتێکی کولتووریی کوردی نەبووە تا کولتوورێکی وەها بەرهەمبهێنێت"( ئەردەڵان،2021).

**دەرئەنجام**

بۆ شڵەژاندن و هەڵوەشاندنەوەی ڕوانین و زانستی باو کە بە سەر شرۆڤەکردنی پرسەکاندا زاڵە و شێوەیەک لە ئوستوورەسڕینەوە و دژ بە ئاسایی و سورشتی پێناسەکردنی دۆخێکی مێژوویی، پێویستمان بە دابڕانێکی پرساژۆیە. پرۆبلیماتیزەکردن (پرساژۆکردن) بە واتای نکوولیکردن لە تێگەیشتنی باو و دەرخستنی تاکڕەهەندی و نەشیاوبوونیەتی و، هاوکات ڕاگرتنی پرس یان پرسیارەکان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەتی تا بە شێوەیەکی تر ڕوخساربەندی بکرێت. بە زاراوەیەکیتر پرساژۆکردن بە ئەو واتایەیە کە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی لە کات-شوێنێکی تایبەتدا، وەکو دۆخێکی ئاڵۆز، شڵەژاو، کێشەدار و قەیراناوی ڕوخساربەندی بکرێت و هەروەها تێڕامانێکی هزرین و فەلسەفی و ڕەخنەگرانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون لە ئەم دۆخە پرساژۆیە لەخۆدەگرێت.

بۆ وەدیارخستنی بابەتی نەبینراو پێویستمان بە دابڕانێکە کە بە خوێندنەوەی سیپتۆماتیک مومکین دەبێت. فرۆید(2021) پێی وایە خەونەکان، هەر لە خۆیاندا پچڕان و ناتەبایی و خەوشگەلێکیان تێدایە کە ئاماژەیە بە پێکهاتەی نهێنی خەونەکان یان ناخودئاگا. ئاڵتووسێر(1970) چەمکی سیمپتۆماتیک لە بیرۆکەکانی فرۆید-لاکان وەردەگرێت. فرۆید لە ڕاڤەکردنی خەونەکان دا دەپەرژێتە سەر پچڕانەکان، خەوش و ناتەباییەکان و بێواتابوونی ڕواڵەتی خەونەکان. کە ئەمانە دەرخەری پێکهاتەی بنگەهین و شاراوەی ڕۆیان کە دەبنە هۆی دەرخستنی خەونی ئاشکرا. هەر وا کە لەلای مارکس

ژێرخان، خۆی لەسەرخان دا نیشاندەدات. بە ئەم شێوەیە فرۆید دەتوانێت ئەمری نەبینراو کە لە پرۆبلێماتیکی ڕۆنانی خەوندا نەبوو، بە یارمەتی ڕواڵەتی خەون وەدیاربخات. خەونی شاراوە خۆی لە ڕێگا و بە نێونجی خەونی ئاشکرا نیشاندەدات. هەر لەم چوارچێوەدا دەتوانین بیرۆکەی مارکس سەبارەت بە ژێرخان - سەرخان بخوێنینەوە.

هاوتەریب و یەکگرتوو لەتەک وێژمانی خۆرهەڵاتناسی و ناسیۆنالیزمە زاڵەکاندا، کە وێناییکی جوانیناسانەیان لە کورد ئافراندوە، فەزای فکری و فەرهەنگی کوردییش، ئەم ئیماژەی وەرگرتوە و دەروونی کردوەتەوە. هەڵبەت دیارە ئەمە گشت ئەو سووژەسازییە نییە کە لە کورد کراوە و لە هەمان کاتیشدا، کورد وەکو ڕێگر و یاخی و لەم دوایانەدا وەکو تێرۆریست ناسێندراوە، بە هۆی ئەوەی کە بەرهەڵستی نەزمی زاڵی ئەوان بوەتەوە و بەرهەڵستی سووژەسازی ئەوان لە کورد بووە.

لایەنێکی دیکەی سەرقاڵبوون بە فەرهەنگ، بەو پێناسە و تایبەتمەندیانە کە لە فەرهەنگ کراوە، ئەوەیە کە سەرکوتبوون و ژێردەستبوون بەرهەمدێنێتەوە، یان بە واتایەک کە فۆکۆ دەڵێت لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوە و بە شێوەی ئەرێنی سەرکوتدەکرێن نە لە ڕێگای نکوولیکردن و داپڵۆساندنەوە. پێداگری لەسەر فەرهەنگ تەنیاماننەوە وەک ڕەعیەت مومکیندەکات. بۆیە دەوڵەتە سەردەستەکان ڕێگری لە گەشەی فەرهەنگی نەتەوە یان کەمینە ژێردەستەکان لە چوارچێوەیەکی مرۆڤناسانەدا ناکەن و تەنانەت لە بڕێک لە وڵاتاندا وەکو فەرهەنگێکی نەریتی و ڕەسەن ناودێری دەکەن.

هەروەها ئاکامی بەنەریتکردنەوەی فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردستان ئەوەیە کە هەموو خەسار و کێشە کومەڵایەتی و سیاسییەکان، دەگەڕێننەوە سەر نەریتی کۆمەڵگای کوردستان و بە نەریت شرۆڤەی دەکات. وەک کوشتنی ژنان لەژێر ناوی "نامووس"دا. ئەم ڕوانگەیە خوێندنەوەیەکی مێژوویی دۆخی ئێستا دەخاتە پەراوێزەوە و لەجیاتی ئەوەی خودی نەریت و نەریتخوازی وەک مژارێک بۆ شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوە دەستنیشان بکات، لە جێگای شرۆڤەدەر پێناسەی دەکات.

پێوەندیەکی نێوخۆیی و هاوتا(symmetric) لەنێوان هێز(poweer)،زانست(knowledge)و ڕەهەندی هێمایین دا هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین مرۆڤناسانەکردنی دۆخی کورد بە نێونجی سیاسەتی بەفەرهەنگیکردن و تایبەتمەندییەکانی وەک جوانیناسانەکردن، ڕەسەنکردن و مووزەخانەییکردن لەم سۆنگەیەوە لێکبدەینەوە. لێرەدا باس لە داهێزیایی فەرهەنگی نیە یان ئەوەی کە هیچ دەرکەوتە و جموجوڵێکی فەرهەنگی لە ئارادا نییە، بەڵکو تێڕامانێکی ڕەخنەییە کە ئەم بەرهەمانە چ پێوەندییێکیان لەتەک دۆخی ئێستاماندا هەیە، چۆن بەرەوڕووی هێز و دەسەڵات دەبێتەوە و ئایا بەرهەمهێنەری دۆخی بندەستییە یان ڕێگای دەربازبوون وێنادەکات؟.

لەژێر باندۆری وێژمانی فەرهەنگیی زاڵدا. هەموو ڕەهەند و بووارەکانی ژیانی پێش مۆدێرنی کورد، وەک ماک و گەوهەرێک دەبینرێت و نابێتە مژارێک بۆ تێڕامانێکی مێژوویی و ڕەخنەیی. بە واتایەک مێژووسڕینەوەی لێدەکرێت. لەکاتێک دا ئەو شتانەی کە ئێمە لەژێر ناوی کولتوور و دابونەریت و میراتی کوردەواریدا هەوڵدەدەین وەک خەزێنەیەک نەک هەر بیپارێزین بەڵکو وەکو دۆخێکی شیاو بۆ ژیانی ئێستامان بەرهەمیبهێنینەوە، لە ڕاستیدا ئەو شتانەیە کە ڕۆشنبیری کورد دەبێت لە تەقالاییکی ڕەخنەگرانەدا هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەیان بدات. هەروەها بۆ مێژووی هاوچەرخ و بیری سیاسی کوردیش دەبێت ئەم هەوڵە بدرێت.

وێناکردنی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگێکی ڕەسەن و ناوازە و لەمێژینە، دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ پەراوێزخستن و لەگرنگیخستنی لاوازی و داهێزیایی دۆخی سیاسی و ئابووری. لە کاتێکدا فەرهەنگ بە واتایەکی مۆدێرن

دتوانێت وڵامدەرەوەی هەلومەرجی بەردەوام لەگۆڕانی جیهان بێت. بتوانێت ئافرێنەری واتای ژیان بێت، گەورەیی و ڕێز ببەخشێت، هێمنایەتی بەرهەمبێنێت و سەروەریت بە سەر خۆتدا مسۆگەر بکات. سووژەی کوردی دەتوانێت بێ پشتبەستن بە نەریت، و بەکەڵکوەرگرتن لە چەمکە مۆدێرنەکان، دۆخی خۆی لێکبداتەوە و لەسەر دۆزی خۆی بپەیڤێت.

نیشتمان(fatherland) تەنیا پەیوەندی بە دێرین و لەمێژینە بوونی نیشتەجێبوون لە سەر ئاخێکدا و خاوەن فەرهەنگێکی نەریتی و ڕەسەن بوونەوە نییە، بەڵکو دەرنجامی خاوەندارێتی بە سەر خاک و سەروەری بە سەر خۆتدا هەیە. خەڵک دەتوانن بە شێوەی فەرهەنگی بەبێ دەسەڵاتداری و خاوەندارێتی بە سەر مەڵبەنددا، وەک جڤاکێکی مرۆیی بمێننەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر فەرهەنگ لە ئاستێکی مرۆڤناسانەدا بمێنێتەوە و خۆی بە قەڵەمڕەوەوە نەبەستێتەوە، ڕێگە لە وێناکردنی ناگیردرێت. بەکورتی، هێز شوێنێک دەکات بە نیشتمان یان قەڵەمڕەو یان لە قەڵەمڕەوبوونی دەیخات. هەروەها خەڵکێک دەتوانن ئەو تێریتۆریە بە داگیرکراو پێناسەبکەن و بۆ بەنیشتمانکردنەوەی خەباتبکەن.

پرۆبلێماتیزەکردنی وێژمانەکان، ئایدۆلۆژیەکان و تیئۆرییەکان لە دۆخی خۆڕاگریدا دەریدەخات کە چی پرۆبلێماتیک بکەین و چ پرۆبلێماتیکێک بونیات بنین. بۆیە تەنیا بزاڤێکی نەزەری نییە و پراکتیسێکی فکری- کرداریشە.گرنگی پرۆبلێماتیزەکردنی وێژمان، ڕوانگەی فەرهەنگی و شێوەی بیرکردنەوەی باو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاڤەکردن، هاوکات لە هەناوی خۆیدا گۆڕینی جیهانیش دەگرێتە بەر، بۆیە ڕاڤەکردنی خۆت یان دەبێتە هۆی ئەوەی کە دۆخی بندەستی بگۆڕیت یان دیسانەوە بەرهەمبهێنیتەوە و جۆریک سووژەی بندەست لە خۆت بخوڵقێنیت.

## سەرچاوەکان

### کوردی


- تەها زادە، مسعود(2013)جایگاه زنان در جامعة کرد زبان با تأکید بر فرهنگ کار زنان، نشریه موج شماره 6
- چریکوف، مسیو(2013)سیاحەتنامەی مسیۆ چریکوف، وەرگێرانی سەلاح نساری، چاپی یەکەم، موکریانی، هەولێر
- چەلەبی،ئەولیا(1979) کورد لە مێژوی دراوسێکانیدا، وەرگێرانی سەعید ناکام، بەغدا، چاپەمەنی کۆڕی زانیاری کورد
- حوزنی حوسین ( 1938) کوردستانی موکوریان یا آتروپاتین، چاپی یەکەم، عێراق
- خەلیقی، حوسێن(1992)کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا: چاپەمەنی الحوادث.
- ریچ،کلۆدیۆس جیمس(2002)گەشتی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێران لە عەرەبییەوە بۆ کوردی محەمەد حەمە باقی، هەولێر،چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردە
- سندی،بەدرخان( 2008) کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە وەرگێرانی ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپیی یەکەم، چاپخانەی خاننی، دهۆک
- فەتاح، ماجید خەلیل( 2019) تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لە ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵاتی عادیلە خان
- مستەفا، سۆران کەریم (2019) پێگەی ژنی کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا.
- مستەفا، عیرفان(2011) بوونی نەتەوەیی کورد، چاپخانەی ڕەنج

- ئار. های، دابلیو(2016) دوو ساڵ لە کوردستان، وەگێرانی لوقمان باپیر هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات
- نیپور،کریستیان (2013)سەفەرنامەی نیپوور لە سەدەی هەژدەهەمدا، وەرگێرانی ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، هەولێر، موکریانی
- ئۆسکارمان (2011)، توحفەی موزوفەریە، وەرگێرانی هێمن موکریانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر
- ئەردەڵان، سارۆ(2021)وەهمی ڕەسەنایەتی، ڕامانیک سەبارەت بە بیری کوردایەتیی ڕەخنەگرانە.گۆڤاری تیشک،ژمارەی 59-60

**ئینگلیزی**

- Althusser, Louis (1970), *Reading Capital*, Translated by. Ben Brewser, Librairie Francois Maspero
- Asatrian, G. (2002). "The Holy Brotherhood: The Yezidi Religious Institution of the "Brother" and the "Sister" of the "Next World". Iran & the Caucasus", p. 79-96.
- Baring, A. and J. Cashford, (1991). "The myth of the goddess: Evolution of an image". Penguin UK
- Dyer,Richard(1997) Withness and Ethnicity in the History of With Ethnics in the United States, in Philomena essed and David Theo Goldberg eds Race Critical Theories, MA. Blackwell,2006
- Fanon, Frantz (1963), The Wretched of the arth, tr. Constance Farrington (New York: Grove Press)-,
- Foucault, M 1998a. "On the Ways of Writing History". in James D. Faubion (ed.). The Essential Works: Aesthetics, Method and Epistemology. trans. Robert Hurley and others. New York: The New Press
- Fowler, G(1841) *Three Years in Persia: With Travelling Adventures in Koordistan*. London
- Harris W. B(1896) *From Batum to Bagdad via Tiflis, Tabriz, and Persian Kurdistan*. Edinburg and London: William Blackwood and Sons
- Hubbard, G. E. (1916) From the Gulf to Ararat: an Expedition through Mesopotamia and Kurdistan. Edinburg and London: William Blackwood and Sons.
- Millingen, M. F(1870) *Wild Life among the Koords*. London: Hurst and Blackett Publishers
- Mills, S. (1997) Discourse, London and New York: Routledge
- Pratt, M. L(1992) Imperial Eyes: Travel Writing and Transculturation. London: Routledge

Spurr, D (1993) The Rhetoric of Empire: Colonial Discourse in Journalism, Travel Writing, and Imperial Administration. London: Duke University Press

**فارسی**

- ادموندز، سیسیل جی ( 2004) کُردها، ترکها، عربها، ترجمة ابراهیم یونسی، چ دوم، تهران: روزبهان
- افخمی، ابراهیم ( 1985) تاریخ فرهنگ و ادب مُکریان (بوکان،) چ اول، سقز: محمدی
- اوبن، اوژن (1983) ایران امروز( خاطرات و سفرنامه)ترجمة علی اصغر سعیدی، چ اول، تهران: زوّار
- بایندر، هانری (1991) سفرنامه هانری بایندر در کردستان، بین النهرین و ایران، ترجمة کرامتالله افسر، چ 1،تهران: فرهنگسرا
- حاجی زاده، جلال(2019)، مقدمه ای بر کشف ذهن کوردی، مجله گوتارنامه شماره 3
- حسینی داورانی، سیدعباس (2014) معرفی آثار و رویکرد عکاسی آنتوان سوروگین از ایران عصر قاجار،»چیدمان،
- دمورگان، ژاک (1960) جغرافیای غرب ایران. ترجمة کاظم ودیعی، تبریز: نشر شفق، جلد دوم.
- زارعی مهرورز، عباس (1390) بررسی جایگاه سیاسی و اجتماعی زنان ایالت کردستان در آغاز سدة 14 ه.ق/ مجله تحقیقات تاریخ اجتماعی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی
- سعید، ادوارد(1992)شرقشناسی .ترجمه ی عبدالرحیم گواهی. تهران: دفتر نشر فرهنگ اسلامی
- سلیمی، اسماعیل و همکاران (2020) نقش و جایگاه زنان کرد در در جامعه کردستان با اتکا بر منابع نوشتاری دوران اسلامی، مجموعه مقالات نخستین همایش بین المللی جایگاه زن در تمدن ایران و اسلام
- فروید، زیگموند( 2021) تفسیر خواب، ترجمه شیوا رویگردان، انتشارات مرکز، تهران
- فیروزمندی، بهمن و رضایی، ایرج (2014) در جستوجوی ردپای زنان مادی در منابع تاریخی و بقایای باستانشناسی،» زن در فرهنگ و هنر، دوره 6 ،شماره 4
- فیفر، ایدیا (2019) سفر زنی تنها به کردستان: سفرنامة ایدیا فیفر،» ترجمة مهرداد رامیدی نیا، فصلنامه کشکول س4 ،ش 1
- قادری، هیرش(2022)صورت معقول شورشیان نامعقول، بی جا
- کوثری، مسعود و احمدزاده مصطفی(2014) زيبايي شناسانهكردن ديگري، تحليل رتوريك بازنمایی کردها در سفرنامه های غربی، مجله مطالعات جامعه شناختی، دوره 21 شماره یک
- کینان، درک(2019) کردستان و کوردها، ترجمه ابراهیم یونسی، نشر نگاه، چاپ پنجم، تهران
- مینورسکی، ولادیمیر(2000 )کُرد، ترجمة حبیباله تابانی، چ اول، تهران: گستره.
- نیکیتین، واسیلی ( 1987) کُرد و کُردستان، ترجمة محمد قاضی، چ دوم، تهران: نیلوفر
- هال، استوارت( 2007)اغرب و بقیه: گفتمان و قدرت .ترجمه ی محمود متحد. تهران: نشر آگه

- وان برونسن، مارتین (2005) زنان در مقام رهبران سیاسی در تاریخ کرد،» ترجمة حمزه محمدی، شماره57 و56

**Culture, re-traditionalization, and subordination**

Mohammad Haghmoradi

**Abstract**

Culture refers to how we think about ourselves and how we formulate our problems and issues. In a critical perspective, a society's cultural approach can act like an internal or self-made ideology, portraying a false and distorted world of itself and the historical situation it finds itself in, and presenting a false narrative of itself and society. Most people participate in the production and reproduction of this discourse or cultural approach.

The "Kurdayeti" discourse, in some of its dimensions, has not confronted the orientalist and centrist epistemological order, but has largely internalized it. Instead of confronting it critically, this cultural discourse has internalized it and has not rejected it.

The aim of this research is to try to disrupt and subvert the cultural discourse of Kurdish society. It also proposes a critical and historical reflection on Kurdish society. It aims to study the relationship between social structure and culture and the consequences of Kurdish cultural discourse. Accordingly, it raises the question of how Kurds define themselves in their cultural activities. In this way, the researcher aims to problematize the social structure by problematizing the dominant cultural approach to the Kurds. He also explains the social and political consequences of this process, such as the re-traditionalization of Kurdish society.

Keywords: culture, retraditionalization, problematization, aestheticization, anthropological, territory

**الثقافة، إعادة التتريث و التبعية**

**محمد حق مرادى**

**ملخص**

تشير الثقافة، بمعنى ما، إلى كيفية تفكيرنا في أنفسنا وكيفية مواجهتنا و صياغتنا لمشاكلنا وقضايانا. في قراءة نقدية، يمكن للمنظور الثقافي للمجتمع، كأيديولوجية داخلية أو ذاتية البناء، أن يرسم صورة زائفة ومشوهة عن ذاته و عن الوضع التاريخي، وأن يقدم صورة خيالية غيرواقعية عن ذاته وعن العالم. يشارک معظم الناس فی إنتاج و إعادة إنتاج هذا الخطاب أو الرؤية الثقافية.

لا يتعارض خطاب "كوردايەتی" فی بعض النواحي و الجوانب مع النظام المعرفي الاستشراقي والمركزي، بل إنه ساهم إلى حد كبير في استيعاب هذه الخطابات. فبدلاً من المواجهة النقدية، يستخدم هذا الخطاب الثقافي، تلک الاستراتيجيات بشكل معكوس حول نفسه ولا يُدمرها.

يهدف هذا البحث إلى محاولة تفكيك الخطاب الفكري والثقافي للمجتمع الكردي و إرتباكه. كما يُقدم رؤية تاريخية ونقدية للثقافة الكوردية والمجتمع الكردي، و يدقق فی العلاقة بين البنية الاجتماعية والثقافة، ونتائج الخطاب الثقافي الكوردي. وعلى هذا الأساس، يطرح البحث تساؤلاً حول كيفية تصوير الأكراد لأنفسهم في الظواهر الثقافية. فبناء على هذا، يسعى الباحث إلى سبر أغوار البنية الاجتماعية من خلال تساؤله و طرح إشكالية حول النظرة الثقافية السائدة للأكراد. كما ينبغي عليه تحليل التبعات السياسية والاجتماعية لهذا الإتجاه ، كإعادة التتريث للمجتمع الكوردي.

الكلمات الرئيسية:

**الكلمات المفتاحية:** الثقافة، إعادة التتريث، الأشكلة، إضفاء الجمالية، الأنثروبولوجيانية، الإقليم .